KOREK Telecom

8% پێیانوایە مێسی لە تەمەنی 33 ساڵیشدا دەتوانێت خەڵاتەکە بباتەوە..

# باڵۆن دۆری 2020 بۆ هازارد دەبێت



رووداوی وەرزشی ـ CNBC

بە پێی راپرسـییەکی نوێ، سـێیەکی هەوادارانی تۆپی پێ لە سەرانسەری جیهان دڵنیان لەوەی ئیدین هازاردی ئەستێرەی بەلجیکی یانەی چێڵسی ئینگلیزی باڵـۆن دۆری 2020 دەباتەوە. هەندێکیشـیان دەڵێن «ئەوکاتیش لیۆنێل میسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی لە توانایدا دەبێت ببێتە باشترین یاریزانی جیهان».

ئەنجامەکانی ئەو راپرسـییە، کە لەلایەن رۆژنامەی ئیندیپێندنتی بەناوبانگـی بەریتانییەوە ئەنجامدراوەو هەوادارانی تۆپی پێ لە سەرانسەری جیهاندا دەنگیان بـۆ داوە، دەریانخسـتووە کـە 36 %ی دەنگـدەران پێیانوایە خەڵاتی باڵۆن دۆری 2020 بۆ هازارد دەبێت. دوای ئەویش بە رێژەی 15 %ی دەنگەکان پۆل پۆگبای ئەستێرەی فەرەنسی یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی پلەی دووەمی بەدەسـتهێناوەو پلەی سێیەمیش بۆ رەحیم ستیرلینگی یاریزانی ئینگلیزی یانەی لیڤەرپوول بووە، کە 12 %ی دەنگدەران متمانەیان پێداوە.

ئەوەی جێگەی سەرنج بوو لەم راپرسییەدا ئەوەبوو کە لیۆنێل مێسـی پلـەی چوارەمی بەدەسـتهێناوەو 8 %ی هەوادارانـی تۆپـی پێـی جیهـان بڕوایان وایە مێسـی ئەوکاتیش کـە تەمەنی دەبێتە 33 سـاڵ لە توانایدا دەبێت باڵۆن دۆر بباتەوە. لە کاتێکدا کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی هیچ دەنگێکی بەدەستنەهێناوە، کە ئەوکات تەمەنی دەگاتە 35 ساڵ. هەریەک لە هاری کینی ئینگلیزی و گاریس بەیڵی وێڵزیش بـە 5 %ی دەنگەکان پلەی پێنجەمیان بەدەستهێناوە.

WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (340) سێشەممە 2015/2/24 5ی رەشەمێی 2714 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

ئەستێرەکان دژی گەڕانەوەی کریستیانۆن بۆ ماڵە کۆنەکەی..

# رۆناڵدۆ ئاگر لە شەیتانەکان بەردەدات

"یاخیبوون لەنێو ریزی شەیتانەکان ئەگەرێکی نزیکە"

3»




LOTTO

براوەکانی سیوحەفتەمین لۆتۆی (رووداوی وەرزشی):

1 ـ ئیبراهیم زرار عومەر

2 ـ هەرێم بابە عەلی

3 ـ هاورا خەسرەو ئەحمەد

4 ـ محەممەد دڵشاد سدیق

5 ـ کازم کەریم مەغدید

8



تیپی لاوانی بەحرکە..

ئەو تیپە میللییەی لە زۆر یانەی کوردستان بەهێزترە 3

"یونس و نەشئەت سوودیان بۆ یانەی هەولێر نابێت"

2»

رووداو وەرزشی
ژمارە (340) سێشەممە 2015/2/24



## پێیانگوتین داعش

عومەر سەلیمی سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند کە لەو یارییەی یانەی هەولێر لەسەر یاریگەی شەعبی نێودەوڵەتی لە بەغدا لە یانەی جەوییەی بردەوە، هاندەرانی ئەو یانەیە بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین چەندین هوتاف و دروشمیان دژی یانەی هەولێر گوتەوە «لە هەموویان ناشیرینتر ئەوەبوو کە دەیانگوت هەولێر داعشە، بە ئیدارەی یانەی جەوییەم گوت هەزار شەهیدمان دژی داعش داوە، ئەوانیش پشتیگری قسەکانی ئێمەیان کردو دواتر بە دەبابە و مودەرعە ئێمەیان گەیاندە فرۆکەخانە».

سبەی لە جامی یانەکانی ئاسیادا..

# هەولێر وەرزی نوێی خۆی لە تاجیکستان دەستپێدەکات

شارەزایەکی تۆپی پێ:

یونس و نەشئەت سوودیان بۆ هەولێر نابێت و لەوانەیە کێشەشی بۆ دروست بکەن

**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**
**رووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

یانەی هەولێر لە یەکەم یاری وەرزی نوێی جامی یەکێتی یانەکانی ئاسیا سبەی 2015/2/24 دەبێتە میوانی یانەی ئیستقلال دۆشانبێی تاجیکستانی و یانەکە بە هێنانی یونس مەحموود و نەشئەت ئەکرەم، یاریزانانی نێودەوڵەتی عێراقی، ریزەکانی خۆی بۆ پاڵەوانیەتییەکە بەهێزکردووە.

### یەکەم وێستگە

لە یەکەم یاری ئەم وەرزەی جامی یەکێتی یانەکانی ئاسیا، یانەی هەولێر لە دەرەوەی یاریگەی خۆیدا بەرامبەر یانەی ئیستقلال دۆشانبێی تاجیکستانی یاریدەکات، یارییەکە کاژێر 12 بە کاتی هەولێر و 14:00 بە کاتی تاجیسکتان ئەنجامدەدرێت.

یانەی هەولێر بەرەبەیانی 2015/2/22 بەرەو ئەو وڵاتە بەڕێکەوت و پێش ئەوەش دوو یەکەی مەشقی لە هەولێر ئەنجام دا و دوێنێ و ئەمڕۆش دوو یەکەی مەشقی لە دۆشانبێی پایتەختی تاجیکستان ئەنجامدا.

هەولێر دوای 9 یاری لە خولی عێراق، پێنجشەممەی رابردوو سەرکەوتنێکی گرنگی لە بەغدا بەسەر یانەی جەوییە بە 2 ـ 1 تۆمارکردو کەمێک بەڵانسی خۆی بەدەستهێنایەوە.

هەولێر لەم وەرزەی جامی ئاسیا لە کۆمەڵەی سێیەمە لەگەڵ یانەکانی قادسیەی کوێتی، ئاهالی تورکمانستان و ئیستقلال دۆشانبێی تاجیکستانی.

### یونس و نەشئەت بوونە هەولێری

ئێوارەی 2015/2/20 لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، یانەی هەولێر هەردوو یاریزانی ناسراوی عێراقی، یونس مەحموودی کاپتنی هەڵبژاردەی عێراق و نەشئەت ئەکرەمی بە فەرمی هێنایە ریزەکانی و بە میدیاکانی ناساندن.

د. عەبدوڵڵا مەجید، سەرۆکی یانەی هەولێر، لەو کۆنگرەیەدا ئاشکرایکرد، لە چەند هێڵێکدا کەموکوڕییان هەیەو بە گرێبەستکردن لەگەڵ ئەو دوو یاریزانە بەئەزموونە دەتوانن کەموکوڕییەکانیان چارەسەربکەن و ئەو دوو یاریزانە هێزێکی زیاتر بە یانەی هەولێر دەبەخشن.

هاتنی ئەو دوو یاریزانە، تا رادەیەک دڵی هاندەرانی یانەکەی خۆشکردووە، بەهۆی ئەو ئەزموونە زۆرەی لە تۆپی پێی ئاسیا و عێراقدا هەیانە.

لەگەڵ ئەوەشدا یونس مەحموود تەنیا لە خولی ئاسیا یاری بۆ هەولێر دەکات و نەشئەتیش دیارنییە کە لە خولی عێراق یاری دەکات یان نا.

### گرێبەستەکانیان ئاشکراناکرێت

سەرۆکی یانەی هەولێر لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا رایگەیاند کە باسی پارەو مووچە لەگەڵ ئەو دوو یاریزانە نەکراوە، تەنانەت یونس لە رۆژانی رابردوو گرێبەستێکی یەک ملیۆن و نیو دۆلاری لە یانەیەکی کەنداو رەتکردووەتەوەو هەردوو یاریزان بە گوتەی بەرپرسانی یانەی هەولێر لەسەر کاخەزی سپی واژوویانکردووەو داوای پارەیان نەکردووە.

بەڵام چاودێرانی وەرزشیی و ئەوانەی شارەزای بواری گرێبەستکردنی یاریزانانن لە عێراقدا، پێیانوایە ئەستەمە دوو یاریزانی لەو ئاستە بەخۆڕایی بۆ یانەی هەولێر یاریبکەن، بەتایبەتی کە ئەوان پێش هەولێر، پەیوەستی هیچ یانەیەک نەبوون و دەیانتوانی بۆ هەر یانەیەکی دیکە بە پارەیەکی باش یاریبکەن، تەنانەت شەقامی وەرزشیش باوەڕناکەن ئەوان بەخۆڕایی یاری بۆ هەولێر بکەن.

### ئەوان سوودیان هەیە یان زیان؟

بیروبۆچوونەکان لەسەر هاتنی ئەو دوو یاریزانە بۆ یانەی هەولێر جیاوازن، هەندێک پێیانوایە سوودیان دەبێت و هەندێکیشیان پێشبینیی ناکەن سوود بە ئاستی تیپەکە بگەیەنن.

سەلام حوسێن، شارەزای تۆپی پێ، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «پێموانییە سوودێکی ئەوتۆیان هەبێت، چونکە لە ماوەی رابردوودا یارییان نەکردووەو توانای جەستەییان ئامادەنییە، هەروەها تەمەنیشیان گەورەیە، رەنگە گرفتیش لە تیپەکەدا دروستبکەن و یاریزانەکانی دیکە هەست بە جیاوازیکردن بکەن».

سەرکار عەلی خان، یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر لەلای خۆیەوە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «لەوانەیە یونس مەحموود کاریگەریی باشی بۆ تیپەکە هەبێت و بەئەزموونی خۆی رۆڵی هەبێت لە ئەنجامەکاندا، بەڵام پێموانییە نەشئەت ئەکرەم بتوانێت ئەو ئاستەبەرزە پێشکەشبکات، کە لێی چاوەڕێدەکرێ، چونکە دەمێکە یاری نەکردووەو لە هەڵبژاردەی عێراقیش دوورخراوەتەوە.

بەڵام عومەر سەلیم، یاریزانی پێشووی هەولێر و بەڕێوەبەری وەرزشیی ئێستای تیپەکە بۆچوونی جیاوازی هەیە «یانەی هەولێر پێویستی بە یاریزانی بەئەزموون هەبوو، چونکە بەهۆی قەیرانی داراییەوە یاریزانی پیشەگەری نەهێنایە ریزەکانییەوە، ئەو دوو یاریزانەش ئەزموونیان زۆرەو دەتوانن سوود بە تیپەکە بگەیەنن، بەڵام رەنگە هەندێک کاتی پێویست بێت».

### یونس OFF، نەشئەت ON

پێکهاتەی هەولێر بۆ یارییەکەی سبەی لە 19 یاریزان پێکهاتووەو یونس مەحموود، کە درێسی ژمارە 10ی هەولێری وەرگرتووە، بەشداریی یارییەکە ناکات بەهۆی ئامادەنەبوونی بۆ یارییەکە، بەڵام نەشئەت ئەکرەم، کە درێسی ژمارە 9ی پێدراوە، لەگەڵ تیپەکە گەشتی کردووە، بەڵام دیاریش نییە راهێنەر بەشداریی یارییەکەی پێدەکات یان نا، چونکە ماوەیەکی زۆرە یاری نەکردووەو توانای جەستەیی کامڵ نییە.

### هەولێر زانیاری لەسەر رکابەرەکەی نییە

عومەر سەلیم، بەڕێوەبەری وەرزشی یانەی هەولێر لە بارەی زانیاری ئەوان لەسەر یانەی ئیستقلالی تاجیسکتانی پێش گەشتی یانەکەی بۆ ئەو وڵاتە، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «زانیارییەکی ئەوتۆمان نییە، تەنیا لەسەر ئینتەرنێت هەندێک زانیاریمان بەدەستهێناوە، کە تیپەکە زۆرینەی یاریزانەکای نێوخۆیین و لەو تیپە مەترسیدارانە نییە، هەوڵیش دەدەین زانیاری زیاتریش کۆبکەینەوە».

یانەی ئیستقلال دۆشانبێ، ماوەیەکی کورتە لە دۆشانبێی پایتەختی تاجیکستان و لە نۆڤەمبەری ساڵی 2007 دامەزراوە، لە 2011 جارێک بەشداری جامی یەکێتی ئاسیای کردووەو لە قۆناخی دووەمدا چووەتە دەرەوە، راهێنەری تیپەکە ناوی موبین ئارگاشیڤە.

یانەکە 3 جار خول و 4 جاریش جامی تاجیکستانی بەدەستهێناوە، کە دواترینیان وەرزی رابردوو هەردوو نازناوی بردەوە.






ئەرسەلان عەبدوڵڵا

## ئاژاوەی یاریگەکان بە کۆبوونەوە چارەنابێت

سەرەتای ئەم هەفتەیە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و دوور لە پێشبینییەکان، فیدراسیۆنی تۆپی پێی کوردستان بڕیاری وەستاندنی خولەکانی پلە یەک و نایابی یانەکانی کوردستانی بۆ کاتێکی نادیاردا.

فیدراسیۆنەکە وەک خۆیان رایانگەیاندووە، بەهۆی ئەو شەڕ و ئاژاوە زۆرانەی لە نێو یاریگەکاندا روودەدەن، خولەکانیان وەستاندووەو کۆبوونەوە لەگەڵ یانەکان دەکەن، بۆ ئەوەی کێشەکان چارە بکەن و بەر بە ئاژاوەگێڕی یاریگەکان بگرن.

زانیومە فیدراسیۆنی تۆپی پێی کوردستان بە نیازە بەڵێننامە (تعهد) بە یانەکان بدات، کە چیدی ئاژاوەنەکەن و سزای زۆر توونديان بدات، ئەگەر کاری ئاژاوەگێڕیی بکەن.

فیدراسیۆنەکە کەمتەرخەم نەبووە لە سزادانی تیپ و جەماوەرە ئاژاوەگێڕەکان، زیندووترین نموونەش، یانەی چەمچەماڵ لە وەرزی رابردوو، یانەی سێمیل لەم وەرزەدا، کە زۆر بە قورسی سزادران.

لێرەدا دەپرسم، ئەرێ بە کۆبوونەوەکردن لەگەڵ سەرۆک یانەو راهێنەرو کاپتنی تیپەکان ئاژاوە بنبڕدەکرێ؟ لەوانەیە کەمبێتەوەو ماوەیەک نەمێنێت، بەڵام پێموایە بە سازدانی کۆبوونەوەو تەنانەت تەعهودوەرگرتنیش ئەو کێشانە بنبڕنابن، چونکە ئەوە پەیوەندی بە ئاستی تێگەیشتن و رۆشنبیری وەرزشیی یانەکان و راهێنەر و یاریزانان و جەماوەرەکەیان هەیە.

نەبوونی رۆشنبیریی وەرزشیی لەلایەن بەشێکی سەرۆک و ئەندامان، ئینجا یاریزانان و راهێنەرانی یانەکان، هۆکارێکی سەرەکی ئەو کێشە و ئاژاوانەن، زۆر بە کەمی روویداوە جەماوەر کاری ئاژاوەگێڕی بکەن، ئەگەر لە دەستپێکدا یاریزانان و راهێنەر و کارگێڕانی یانەکان دەستپێشخەرنەبووبن.

بەشێکی دیکەی هۆکاری دروستبوونی ئاژاوەو توندوتیژییەکانی یاریگەکانی کوردستان، بۆ ناڕێکی یاریگەکان و نەبوونی پەرژین و ئامادەنەبوونی پیاوانی پۆلیس و پابەندنەبوون بە رێنماییەکانی فیدراسیۆنی تۆپی پێ دەگەڕێتەوە، کە وادەکات هەندێک لە جەماوەری ئاژاوەگێڕ و تێنەگەیشتوو لە وەرزش و بنەماکانی، ئاژاوە بکەن و بیگەیەننە ئاستێکی ترسناک.

بۆیە پێموایە پێویستە فیدراسیۆنی تۆپی پێ، لەگەڵ توندکردنی زیاتری سزاکان، خولی پێشخستنی ئاستی رۆشنبیری وەرزشیی و تێگەیشتن لە بنەما جوانەکانی وەرزش بۆ سەرۆک و ئەندام و یاریزانان و راهێنەرانی (هەندێ) لە یانەکانیش بکاتەوە، چونکە ئەوان هۆکاری سەرەکی کێشەکانن، ئاخر یانە هەیە تەنیا کار لەسەر ئەوە دەکات ئەنجامی باش تۆماربکات و لەوە نەگەیشتووە کە دۆڕان و هەڵەی ناوبژیوانانیش بەشێکە لە یاری و رۆژانە لە دنیادا دەیبینین، بۆیە هیچ کات دۆڕان و هەڵەی ناوبژیوانان (ئەگەر رووبدات) قبووڵ ناکەن و لە جیاتی سکاڵا، بە توندوتیژی و کاری ئاژاوەگێڕی تووڕەیی خۆیان بەتاڵ دەکەنەوەو دواتریش خۆیان و جەماوەرەکەیان زەرەرمەند دەبن و ناوبانگیی تۆپی پێی کوردستانیش لەکەدار دەکەن.

(رووداوی وەرزشی) ئاشکرایدەکات..

# کوردێک نهێنیی ئاستبەرزی یونس مەحمووده

(رووداوی وەرزشی) ئاشکرایدەکات، کە ئاستبەرزیی و مانەوەی توانای بەرزی یاریکردنی یونس مەحموود لەو تەمەنەی ئێستایدا، راهێنەرێکی کوردی توانای جەستەییە، ئەویش سەردار محەممەدە.

سەردار محەممەد، راهێنەری ناسراوی عێراق لە توانای جەستەیی بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند «من نهێنیی ئاستبەرزیی و توانای بەرزی یاریکردنی هێرشبەری ناسراوی عێراق، یونس مەحموودم، کە ماوەی ساڵێک و 6 مانگە بە بەردەوامیی مەشقی تایبەتی پێدەکەم، بە تایبەتی لەو کاتانەی کە لە هیچ یانەیەکیش یاری نەکردووە.

سەردار کە خەڵکی زاخۆیە، گوتی «ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ یونس مەحموود کاردەکەم و بەردەوام لە هەولێر، یان لە ئیمارات مەشقی پێدەکەم، ئەویش زۆر پابەندە بە مەشقکردن و پاراستنی توانای جەستەیی خۆی».

یونس مەحموود، لە پرۆفایلەکەیدا نووسراوە لە دایکبووی 1983/2/3، کە دەکاتە 32 ساڵ، بەڵام هەندێک بۆچوونی شەقامی وەرزشیی هەیە کە پێیانوایە یونس تەمەنی 35 تاوەکو 36 ساڵەو ئەو رێککەوتەی لەدایکبوونی راست نییە.

سەردار محەممەد گوتی «لە دواپاڵەوانیەتی جامی نەتەوەکانی ئاسیا کە لە ئوستراليا کرا، یونس بە ئاستێکی زۆر بەرز دەرکەوت و چەند گۆڵێکی تۆمارکرد، ئەمە لە کاتێکدایە کە ساڵێک زیاترە لە هیچ یانەیەک یاری ناکات، بێگومان ئەمە بەشێکی زۆری بۆ ماندبوونی من لەگەڵ ئەو یاریزانە دەگەڕێتەوە».

لەلای خۆیەوە یونس مەحموود، لە کۆنگرەی رۆژنامەوانیی ناساندنی وەک یاریزانی نوێی یانەی هەولێر لە 2015/2/20، بە شایستەیی باسی لە سەردار محەممەد کردو رایگەیاند، کە هۆکاری مانەوەی ئەو بەو ئاستەی لەو تەمەنەدا، بۆ راهێنەر سەردار محەممەد دەگەڕێتەوە، کە بەردەوام مەشقی تایبەتی پێدەکات و سوپاسیکرد لە بەرامبەر ماندووبوونی ئەودا.

سەردار محەممەد، ماوەی 10 ساڵ زیاتر لە چەند قۆناخێکی جیاجیا و لەگەڵ چەند راهێنەرێک کاری لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراقدا کردووە، بە تایبەتی لەگەڵ هەردوو راهێنەری ئەڵمانی ستانگ و سیدکا و پیترۆڤیچی راهێنەری سربی و دواترینیشیان لەگەڵ حەکیم شاکردا بوو.

سەردار بە (رووداوی وەرزشی) گوت «گلەییم لە میدیاکانی کوردستان هەیە کە باسی من ناکەن و بایەخیان بە ماندووبوونی من نەداوە، تەنانەت بەرگریشیان لێنەکردووم کاتێک لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر شکستی هەڵبژاردەی عێراق لە جامی کەنداو قسەیان بە من گوتووە».

سەردار ئەوەشی ئاشکراکرد، هەموو ساڵێک بۆ فێربوونی زیاتر لەگەڵ یانە گەورەکانی ئەوروپا خولی فێربوونی بە شێوازی (مەعایەشە) دەبینێت و تاوەکو ئێستا لەگەڵ 12 یانەی ئەوروپا کاریکردووە، لەوانەش یانەکانی بایرن میونشنی ئەڵمانی و پاریس سانجێرمانی فەرەنسی و ئارسناڵی ئینگلیزی.



پرۆژەیەکی ناوازە دەستپێکرد..

# تونس یارمەتی تراکەکانی کوردستان دەدات


**هەرێز جەمال**
**رووداوی وەرزشی ـ سلێمانی**

فیدراسیۆنی گۆڕەپان و مەیدانی تونسی لە رێگەی دوو کچە یاریزانییەوە پرۆژەی دەستپێکردنی دروستکردنی یاریزانانی منداڵی لە رێگەی یاریزانە گەورەکانییەوە دەستپێکردووەو بەنیازیشن ئەو پرۆژەیە فراوانتر بکەن.

فیدراسیۆنەکە لە هەنگاوی یەکەمدا هەستاوە بە کردنەوەی پرۆژەیەک بە ناوی AZSA بۆ منداڵانی 5 ـ 10 ساڵ لە رێگەی چەند فێربوونێکی سەرەتاییەوە بەخشیووەتە هەردوو یاریزانانی تیپی پێشکەوتووانی هەڵبژاردەی تونس بۆ یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان، ئەیا لەکحەل و مەروا نەجار کە رۆژانە ئەو منداڵانە مەشق پێدەکەن.

ئەیا، یاریزانانی 100 مەتری هەڵبژاردەی تونس و سێیەمی وڵاتانی عەرەب، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئەوان پرۆژەکەیان زیاتر لە ناوخۆدایە وەک هەنگاوی یەکەم، بەڵام هەوڵی تەواو دراوە کە لە چەند وڵاتێکدا ئەو فێرگەیە بکەنەوەو لە پاش کۆتایهاتنی پاڵەوانیەتی عەرەب کە لە نیسانی ئەمساڵ بەڕێوەدەچێت، عێراقیش دەکەنە وێستگەیەک بۆ کردنەوەی ئەو فێرگەیەو ئەوەشی لە بونیادیان هەیە شارەکانی کوردستان دواتر بەغدا و باشوور دەکەنە لقی فێرگەکانیان.

ئەو یاریزانە گوتی «تونس لە دوای لوبنانەوە بۆ ئەو پرۆژەی دەرخستن و دروستکردنی پاڵەوانانی گۆڕەپان و مەیدان دێت، چونکە یاریزانی ئەو یارییە دەبێت هەر لە منداڵییەوە ئامادەساز بکرێت و بۆ پرۆژەکەشمان مەودایەکی درێژخایەنمان داناوە کە بتوانین لە هەر وڵاتەو چەندین ئەستێرە دروستبکەین».



ڕووداو وەرزشی
ژمارە (340) سێشەممە 2015/2/24



## هێشتا یەکەمە

سیسک فابریگاسی یاریزانی ئیسپانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی چێڵسی ئینگلیزی، هێشتا یەکەمی 5 گەورە خولەکەی ئەوروپایە لە رووی دروستکردنی زۆرترین گۆڵ بۆ هاوڕێکانی، کە تاوەکو ئێستا خاوەنی 15 ئەسیستە لە 22 یاریدا. دوای ئەویش لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی بە 13 ئەسیست لە 23 یاریدا بە پلەی دووەم دێت و پلەی سێیەمیش بەر کیڤین دی برۆینی ئەستێرەی یانەی فۆلفسبۆرگی ئەڵمانی دەکەوێت، کە لە 21 یاریدا 12 ئەسیستی هەیە.





### تیپی لاوانی بەحرکە..

# تیپێک لە ئاستی یانەکان

**ڕووداوی وەرزشی ـ بەحرکە**

تیپی لاوانی بەحرکە، یەکێکە لەو تیپە میللییانەی بە شایەتی زۆر لە خەڵکی لە ئاستی یانەکانی کوردستانە. بۆیە ڕاهێنەر و یاریزانەکانی داوا دەکەن بکرێنە یانە.

کۆمەڵێک یاریزانی لاوی ناحیەی بەحرکەی سەر بە پارێزگای هەولێر، لە ژێر سەرپەرشتی باقی مەلا ئەحمەدی ڕاهێنەریان، تیپێکی تۆپی پێی بەهێزیان دامەزراندووە، کە ماوەی چەند ساڵێکە بووەتە جێگەی سەرنج و باسی هەموو لایەک، بە ڕاددەیەک کە یانەکانی کوردستان داوا لە زۆر لە یاریزانەکانی دەکەن یارییان بۆ بکەن، بەڵام ئەوان دەڵێن «ئێمە بۆ تیپەکەی خۆمان و بۆ ناوی شارۆچکەکەمان یاری دەکەین».

باقی مەلا ئەحمەدی ڕاهێنەر، کە تیپەکەی لەم ڕۆژانەدا جامی خولی شەهید دانای بەرزکردووەتەوە، پەسنی یاریزانەکانی دەدات و داوا لەلایەنی پەیوەندیدار دەکات تیپەکەی بکرێتە یانەو دەڵێت «یاریزانەکانم لە ئاستێکی زۆر بەرزدان، بە بەڵگەی ئەوەی چەندین یانەی کوردستان داوادەکەن بچنە ریزەکانیان. بۆیە گوناحە تیپێکی وا بەهێز هەر بە تیپی میللی بمێنێتەوە، ئێمە نوێنەری ناحیەیەکی گەورەی سەر بە هەولێرین، بە شایەتی هەموو خەڵک ئاستی تیپەکەمان لە ئاستی یانەکانی کوردستانە، بۆیە داوادەکەین بکرێینە یانە، بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتێکی زۆرتر بە بواری وەرزشیی شارۆچکەکەمان و هاندەرامان بکەین».

خولی شەهید دانا، بە بەشداری 32 تیپی میللی بەهێز لە ناحیەی دارەتوو کرایەوەو دوای ململانێیەکی بەهێزی نێوان چەند تیپێکی بەهێز، تیپی لاوانی بەحرکە توانیی زۆر بە شایستەیی جامەکە بباتەوەو تەنانەت یاری کۆتایی بە 6 گۆڵ بردەوە. ئەمەش ڕاهێنەر و یاریزانانی ئەو تیپەی زیاتر بە پەرۆش کردووە بۆ ئەوەی بە بوونیان بە یانە هەنگاوێک بچنە پێشەوەو لەمەودوا لەسەر ئاستێکی بەرزتر تواناکانیان تاقیبکەنەوەو بۆ هەموو لایەک بسەلمێنن کە ئەوان شایستەی ئەوەن یانەیەکیان هەبێت.

خۆگر شەهاب، کاپتنی تیپەکەو گۆڵکاری خولی شەهید دانا، لەو بارەوە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «بەڕاستی ئێمە شایەنی ئەوەین ببینە یانە، چونکە تیپەکەمان لە زۆر یانەی کوردستان باشترەو دەتوانین لێیان ببەینەوە».

شڤان محەممەد، کە ئەویش یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی ئەو تیپە، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «بەداخەوە تواناکانمان لەوەندە زیاترن تەنیا بەشداری لە خولەکانی سەر ئاستی تیپە میللییەکان بکەین، ئێمە دەمانەوێ بەشداری لە خولی کوردستان بکەین، با بکرێینە یانە، بەڵێن دەدەین بە چەند ساڵێک خۆمان بگەیننە ئاستی خولی یانە پلەکان و خولی نایابی کوردستانیش».

شڤان، بە ناوی هەموو هاوڕێکانی داوادەکات مافی خۆیان پێبدرێت و بکرێنە یانە «ئێمە یاریگەیەکی باشمان هەیەو هەموومان بە دڵسۆزی یاری دەکەین، تەنیا مەبەستمان ڕازیکردنی جەماوەری خۆمانە، کە لە ڕاستیدا خاوەن هاندەرێکی زۆرین».



### هەموو دژی گەڕانەوەی کوڕە پورتوگالییەکەن..

# گەڕانەوەی ڕۆناڵدۆ شەیتانەکان تێکبەردەدات

**ڕووداوی وەرزشی ـ MU4**

ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزی ئاشکرایدەکات ئەگەر کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بگەڕێتەوە ریزەکانی یانە کۆنەکەی، مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی، کێشە دەکەوێتە نێو یاریزانانی ئەو یانەیەو دەشڵێت «لەوانەیە هەندێک لە یاریزانەکانی ئەو یانەیە یاخیبوون ڕابگەینن».

بەم دواییە هەواڵی گەڕانەوەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی بۆ یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی، زۆر بە شێوەیەکی بەرفراوان گەڕایەوە نێو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بەریتانیا. کە سەرەڕای ئەوەی میندێزی بەڕێوەبەری کارەکانی ڕۆناڵدۆ ڕایگەیاند «مەحاڵە ڕۆناڵدۆ لە ریال مەدریدەوە بگەڕێتەوە مانچستەر یونایتد»، بەڵام هێشتا هەندێک لە سەرچاوەکان سوورن لەسەر ئەوەی فلۆرەنتینۆ پیریزی سەرۆکی یانەی ریال مەدرید گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە کاتی فرۆشتنی ڕۆناڵدۆ هاتووە، بۆیە بە قسەی ئەوان بێت «بەرپرسانی مانچستەر یونایتد دەیانەوێ ئەو هەلەیە بقۆزنەوەو بە کڕینەوەی ڕۆناڵدۆ گەورەترین هەڵە لە مێژووی یانەکەیاندا ڕاست بکەنەوە، کە بریتی بوو لە فرۆشتنی ڕۆناڵدۆ بە ریال مەدرید».

بەڵام وەک ڕۆژنامەی دەیلی ستار باسیدەکات «یاریزانانی مانچستەر یونایتد لە دژی گەڕانەوەی ڕۆناڵدۆن». بە قسەی ئەو ڕۆژنامەیە «خودی کارگێڕی یانەی مانچستەر یونایتدیش، کە هەوڵدەدات ڕۆناڵدۆ بگەڕێنێتەوە یانەکەی، هەست بە مەترسی گرێبەستکردن لەگەڵ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دەکات».

تەنانەت هەندێک سەرچاوەش ڕایانگەیاند کە ڤان گالی ڕاهێنەریش نایەوێ ڕۆناڵدۆ بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی کێشە نەهێنێتە نێو ریزەکانی تیپەکەی.

ڕۆژنامەی دەیلی ستار، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کارگێڕی مانچستەر یونایتد لە گرێبەستکردن لەگەڵ ڕۆناڵدۆ بە بڕە پارەیەکی زۆر دەترسێت، نەوەک هەندێ یاریزانی یانەکەی هەڕەشەیان لێبکەن و لەو بارەوە نووسیویەتی «ئەگەر کارگێڕی مانچستەر یونایتد ملکەچی دواکارییەکانی ڕۆناڵدۆ بێت، کە داوای مووچەیەکی هەفتانەی 300 هەزار پاوەندی بێ باج دەکات، وا دەکات یاریزانانی یانەکە لە دژی تەواوکردنی ئەو گرێبەستە بوەستنەوە. چونکە ئەستێرەکانی ئەو یانەیە ڕازی نابن مووچەی ڕۆناڵدۆ لە مووچەی خۆیان زیاتر بێت».

دەیلی ستار، زیاتر باسی ئەو پرسە دەکات و دەڵێت «مووچەی هەفتانەی واین ڕۆنی 300 هەزار پاوەندە، مووچەی ڕادامیل فالکاو 250 هەزار پاوەندە، هەرچی دیمارییە مووچەکەی 200 هەزار پاوەندە، بۆیە گەڕانەوەی ڕۆناڵدۆ بۆ مانچستەر یونایتد بە مووچەیەکی گەورەتر لە مووچەی ئەوان، یاریزانانی یانەکە ناچار دەکات شۆڕش لە دژی دەستەوارەکە ڕابگەینن و لە یانەکەشیان یاخی بن».



### لە کۆی 98 یانەی 5 گەورەترین خولی ئەوروپا..

# مێسی لە 77 یانەی ئەوروپا باشترە

**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

بە گوێرەی ئامارێکی ماڵپەری (کێ گۆڵی تۆمارکرد) کە تایبەتە بە ئاماری وەرزشیی، لیۆنێل مێسی هێرشبەری یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی و هەڵبژاردەی ئەرجەنتین، ئێستا لە رووی گۆڵ تۆمارکردنەوە لە پێش 77 یانەی 5 خولە گەورەکەی ئەوروپا دێت.

بە پێی ئەو ماڵپەڕە لیۆنێل مێسی، لەسەر درەوشانەوەی بەرچاوی لەو ماوەی دوایی بەردەوامە و لە زۆربەی یارییەکانی ئەم دواییەی تیپەکەی گۆڵ تۆماردەکات و یارمەتی تیپەکەی دەدات لەسەر بردنەوەکان بەردەوام بێت.

لیۆنێل مێسی، باشترین یاریزانی جیهان بۆ 4 جار لەسەریەک، توانی ژمارەی گۆڵەکانی لە لیگا بگەیێنێتە 26 گۆڵ و جیاوازی گۆڵەکانی لەگەڵ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی گۆڵکاری تاوەکو ئێستای لالیگا بۆ 3 گۆڵ کەم بکاتەوە. هەروەها مێسی 15 گۆڵی لە ساڵی 2015 تۆمارکردووە، بەمەش بە پێش 77 یانە لە کۆی 98 یانە لە 5 خولە گەورەکانی ئەوروپا کەوتووە. مێسی ئێستا بووەتە باشترین خاوەن ئەسیست لە مێژووی خولی ئیسپانیا، دوای ئەو پاسە جوان و وردەی دایە نیمار دا سیلڤا لە یاری بەرامبەر لیڤانتی، کە لە تۆمارکردنی گۆڵەکە سڵی نەکردەوە. هەروەها مێسی دوای ئەوەی هاتریکی لە بەرامبەر لیڤانتی تۆمارکرد، توانی ژمارەی هاتریکەکانی لە هەموو پاڵەوانەتییەکانی ئیسپانیا لەگەڵ تیلمۆ زارای یاریزانی پێشووی ئەتلەتیک بلباو یەکسان بکاتەوە، کە 31 هاتریکە. بێجگە لەوەی مێسی بووە بچووکترین یاریزان لە مێژووی بارسیلۆنا بگاتە یاری ژمارە 300 لە خولی ئیسپانیا، مێسی لە تەمەنی 27 ساڵی 236 ڕۆژیدا توانی بەو دەستکەوتە بگات، بەمەش بە پێش چاڤی هێرناندێزی ئیسپانی کەوت، کە لە تەمەنی 28 ساڵی 352 ڕۆژیدا بەو دەستکەوتە گەیشتبوو.





## درۆیە

میرالیم بیانیچی یاریزانی بۆسنی یانەی رۆمای ئیتاڵی هەموو ئەو هەواڵانەی رەتکردەوە کە باس لە رۆیشتنی ئەو لە رۆما بەرەو یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی دەکەن و گوتی «درۆیە، هەموو ئەو قسانەی باس لە رۆیشتنی من بۆ لیڤەرپوول دەکەن، دوورن لە راستی، من لەو بارەوە قسەم لەگەڵ هیچ کەسێک و بەرپرسێک نەکردووە. هەموو بیرکردنەوەم لای یانەکەمە، کە لە راستیدا لەگەڵ رۆما بەختەوەرم و دەمەوێ ماوەیەکی زۆرتر یاری بۆ ئەو یانەیە بکەم».

لەبەرئەوەی زۆر پیشەگەرە..

# مۆرینیۆ حەزی لە دوژمنەکانیەتی

"مۆرینیۆ خۆی تەلەفۆنی بۆ ئاڵڤێز کردووەو فابریگاسیشی راسپاردووە ئاڵڤێز رازیبکات بۆ چوونە چێڵسی"

**رووداوی وەرزشی**
**GULF NEWS ـ**

رۆژنامەیەکی ئینگلیزی بۆمبێکی گەورە دەتەقێنێتەوەو دەڵێت "خۆزێ مۆرینیۆی راهێنەری یانەی چێڵسی زۆر حەزی لە یاریزانە دوژمنەکانی خۆیەتی و دەیەوێ ئەمجارە دانی ئاڵڤێزی بەرازیلی بباتە ریزەکانی یانەکەی".

رۆژنامەی دایلی مەیلی بەریتانی راپۆرتێکی لە بارەی مۆرینیۆوە بڵاوکردووەتەوەو تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مۆرینیۆ هەمیشە حەزی لەو ئەستێرانەیە کە پێشتر کێشەی لەگەڵ هەبوونەو دەیەوێ بیانباتە ریزەکانی یانەکەی و ئەوەش بۆ ئاستی بەرزی پیشەگەریەتی ئەو راهێنەرە دەگەڕێنێتەوەو لەو بارەوە نووسیویەتی "لەبەرئەوەی مۆرینیۆ کەسێکی زۆر پیشەگەرە، لە پێناو بەرژەوەندی تیپەکەی گوێ ناداتە ئەوەی پێشتر پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو یاریزانە چۆن بووە کە بۆ ئێستای تیپەکەی بە گرنگ دەزانێت".

ئەو رۆژنامەیە باس لەوە دەکات کە چەند یاریزانێک پێشتر کێشەی گەورەیان لەگەڵ مۆرینیۆ هەبووەو زۆر لێدوانی ئاگرینیان دژ بە یەکدی داوە، کەچی هەر کاتێ مۆرینیۆ زانیبێت کە تیپەکەی پێویستی بەو یاریزانەیە بۆ ساتێکیش سڵی لەوە نەکردووەتەوە کە هەوڵ بۆ رازیکردنی بۆ هاتنە ریزەکانی یانەکەی بدات و لەو بارەوە نووسیویەتی "بۆ نموونە سیسک فابریگاسی یاریزانی ئیسپانی کە یاری بۆ یانەی بارسێلۆنای دەکرد و مۆرینیۆش راهێنەری ریال مەدرید بوو، دوژمنێکی سەرسەختی مۆرینیۆ بوو، هەمیشە دژی یەکدی قسەیان دەکرد، کەچی لە هاوینی رابردوودا مۆرینیۆ بە بێ دوودڵی فابریگاسی رازیکرد بچێتە یانەی چێڵسی کە خۆی سەرپەرشتی دەکات".

بە قسەی دایلی مەیل مۆرینیۆ ئەمجارە دەیەوێ دوژمنێکی سەرسەختر لە فابریگاس بباتە ریزەکانی تیپەکەی، ئەویش دانی ئاڵڤێزی بەرگریکاری بەرازیلی یانەی بارسێلۆنایە، کە بە گوێرەی ئەو راپۆرتەی دایلی مەیل "مۆرینیۆ خۆی تەلەفۆنی بۆ ئاڵڤێز کردووەو پێیگوتووە دەبێ تۆ بێیە ریزەکانی چێڵسی".

هەروەها ئەو رۆژنامەیە لەو بارەوە زیاتر دەنووسێت "مۆرینیۆ فابریگاسی کردووەتە پردی پەیوەندی لەنێوان خۆی و ئاڵڤێز و دەیەوێ برادەرایەتی ئەو دووانە بقۆزێتەوەو بە فابریگاسی گوتووە دەبێ ئاڵڤێز رازی بکەی بێتە چێڵسی".

هەروەها دەشڵێت "ئاڵڤێزیش تاوەکو ئێستا لەبەر مۆرینیۆ رازی نەبووە گرێبەستەکەی لەگەڵ بارسێلۆنا نوێ بکاتەوە".





# یارییە یەک ملیارییەکە

**ئا: رووداوی وەرزشی**

دوای یارییەکەی نێوان هەردوو یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی و چێڵسی ئینگلیزی، لە گەڕی چوونی قۆناخی 16ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، راگەیاندنەکان بە یارییە یەک ملیارییەکە وەسفیان کرد.

ئەو وەسفەی راگەیاندنەکان بۆ ئەو یارییە لەبەرئەوەبوو کە نرخی ئەو ئەستێرانەی لەو یارییەدا یارییان بۆ هەردوو یانەکە دەکرد، گەیشتە نزیکەی یەک ملیار یۆرۆ.

بە گوێرەی رۆژنامەی مارکای ئیسپانی گرانترین یاریزانی یارییەکە، ئەدینسۆن کاڤانی هێرشبەری ئۆرگوایی یانەی پاریس سانجێرمان بوو، کە نرخەکەی 64.4 ملیۆن یۆرۆیە.

هەروەها داڤید لوێزی بەرگریکاری بەرازیلی ئەو یانەیەش نرخی 49 ملیۆن یۆرۆیە. لە چێڵسیش نرخی ئیدین هازاردی ئەستێرەی بەلجیکیش زیاتر لە 40 ملیۆن یۆرۆیە.

وەک رۆژنامەی مارکا باسی دەکات، نرخی یاریزانانی پاریس سانجێرمان لەو یارییەدا 475 ملیۆن یۆرۆ بووەو نرخی یاریزانانی چێڵسیش 366 ملیۆن یۆرۆ بووە. واتە کۆی گشتی نرخی یاریزانانی هەردوو لای یارییەکە، 841 ملیۆن یۆرۆ بووە، بۆیە ئەگەر نرخی یاریزانە یەدەگەکانیش هەژمار بکرێت، ژمارەکە لە ملیارێک تێپەڕ دەکات، لەبەرئەوە بە "یارییە یەک ملیارییەکە" ناونرا.



...ناکات..

...ڕەقی

...ەیڕەو دەکات، ...پەڕیکرد نابێت ...ش کازۆرلای ...چونکە ئەو ...وە». ئەو ...ەرگیز بۆ ...یش کە ...ێڕینی ...انی ...د،



من لەو راهێنەرانە نیم کە حەزدەکەن بە زۆر بڕیارەکانیان بەسەر یاریزانەکانیاندا بسەپێنن، بەڵام رێگەش نادەم کەس خۆی بەسەرمدابسەپێنێت

کارلۆ ئەنچیلۆتی
(راهێنەری یانەی ریال مەدرید)



ەنچیلۆتی بە قسەی من بکات ئەمساڵ لە ریال مەدرید دەڕوات، چونکە هیچ راهێنەرێک ناتوانێت لە 3 ساڵ زیاتر بەرگەی فشاری مەدریدییەکان بگرێت

ئرامۆن کالدیرۆن
(سەرۆکی پێشووی یانەی ریال مەدرید)



تیر شتیگن بێجگە لەوەی گۆڵچییەکی زۆر باشەو دوارۆژێکی گەورە چاوەڕێی دەکات، بە هەردوو قاچەکەیشی باشتر لە من یاری بە تۆپ دەکات

لیۆنێل مێسی
(ئەستێرەی یانەی بارسێلۆنا)



ساڵی رابردوو زۆر سکم بە داڤید مۆیس دەسووتا، چونکە هەموو رەخنەیان لێدەگرت، لە کاتێکدا هیچ خەتای ئەو نەبوو هەموومان خراپ بووین

مەروان فیلاینی
(یاریزانی یانەی مانچستەر یونایتد)



لەبەرئەوەی یاریزانانی بارسێلۆنا هەموویان ئەستێرەی گەورەن ئەگەر یەکێکیان خاولییەک فڕێبداتە سەر زەوی دەزگاکانی راگەیاندن هەرایەکی گەورە دەنێنەوە

ئیڤان راکیتیچ
(یاریزانی یانەی بارسێلۆنا)



دیماریا بۆ ریال مەدرید لە رۆناڵدۆ و بەیل گرنگتر بوو، ساڵی رابردوو ئەو جامی شای ئیسپانیا و چامپیۆنسلیگی بۆ ریال بردەوە نەک رۆناڵدۆ و بەیل

ئاشلی یۆنگ
(یاریزانی یانەی مانچستەر یونایتد)



## ئایا دەزانی؟

زێنەدین زێدانی ئەفسانەی تۆپی پێی فەرەنسا. هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوو کە رۆژێک دەبێتە یەکێک لە باشترین یاریزانانی مێژووی تۆپی پێی جیهان و جامی جیهانی بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی دەباتەوەو 3 جاریش بە باشترین یاریزانی جیهان دەڵدەبژێردرێت. چونکە لە منداڵی خۆیدا حەزی لە وەرزشی جودۆ بوو. بەڵام لە تەمەنی 10 ساڵیدا وازی لەو یارییە هێناو دەستی بە تۆپی پێ کرد. لە 1986 جۆن فارۆدی راهێنەر، تواناکانی زێدانی لە تۆپی پێ دۆزییەوەو رایگەیاند "بەهرەیەکی گەورە بەڕێوەیە". ئەو زێدانی بردە ریزەکانی یانەی کان و لە 1989 یەکەم یاری خۆی لە خولی پلە یەکەکانی فەرەنسا بەرامبەر یانەی نانت ئەنجامداو 5 هەزار فرەنکی بە دیاری وەرگرت. لە 1991یش یەکەم گۆڵی خۆی لە هەمان یانە (نانت) تۆمارکردو سەرۆکی یانەکە لە دڵخۆشی خۆی ئۆتۆمبێلێکی جۆری کلیۆی رەنگ سووری پێبەخشی و ئیدی زێدان بووە ژمارەیەکی قورس لە جیهانی تۆپی پێدا.



## فێڵبازە

ڕۆژنامەی بیلدی ئەڵمانی ئاشکرایکردووە، چەندین یانەی ئەوروپا بایەخ بە خزمەتەکانی یاریزانی نێودەوڵەتی ئەڵمانی، مارکۆ ڕیۆسی ئەستێرەی یانەی بورۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی دەدەن، بەڵام ئەو یاریزانە لاوە خەون بەوە دەبینێت لە ریزەکانی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی یاریبکات و لەو بارەوە نووسیویەتی «ڕیۆس هەر لە منداڵییەوە خەون بەوەدەبینێت لە یانەی بارسێلۆنا یاریبکات، بەڵام بەهۆی ئەو سزایەی فیفا بەسەر بارسێلۆنای سەپاندووە، ڕیۆس پێیباشبوو وەک فێڵێک گرێبستەکەی لەگەڵ بورۆسیا دۆرتمۆند نوێ بکاتەوە، تاوەکو ماوەی سزاکەی سەر بارسا لە ساڵی 2016 کۆتایی دێت».

بڕوا بکەی یان نا..؟!

# یاریدەدەرەکانی ئەنچیلۆتی گەمژەن و ڕۆناڵدۆش 10 ڕەتلی زیادە

**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی، زۆر بەسەرهات ڕوودەدەن کە بڕوا پێکردنیان زەحمەتە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕوودەدەن:



## یاریدەدەرەکانی ئەنچیلۆتی تێناگەن

ڕۆژنامەیASی ئیسپانی بەناوبانگ کێشەیەکی کۆمێدی کارلۆ ئەنچیلۆتی ڕاهێنەری ڕیال مەدریدی لە یانەکە ئاشکراکردووە. کارلیتۆ توانی خەونی یانەی شاهانە بێنێتەدی و دەیەمین نازناوی چامپیۆنسلیگی بۆ بەدەستبێنێت، لە لالیگاش تاوەکو ئێستا یەکەمی ریزبەندی یانەکانی گرتووە، هەرچەندە لە جامی شای ئیسپانیا چووەتە دەرەوەو لە لیگاش بە ئەنجامێکی گەورە بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید دۆڕا. ڕۆژنامەکە ئاماژە بەوە دەکات ئەنچیلۆتی کێشەی قسەکردنی هەیە، ئەویش بە کێشەیەکی تا ڕاددەیەک کۆمێدی دادەنرێت.

ڕۆژنامەی AS، کە لە ڕیال مەدرید نزیکە ڕوونیکردووەتەوە ئەنچیلۆتی دوو یاریدەدەری هەیە، یەکەمیان کلیمنتە و تەنیا زمانی ئینگلیزی دەزانێت، ئەوی دیکەشیان هیێرۆیەو تەنیا زمانی ئیسپانی دەزانێت، بۆیە کاتێک ئەنچیلۆتی بە یەک زمان قسە دەکات، ئینگلیزی یان ئیسپانی تەنیا یەک یاریدەدەر لێیتێدەگات و ئەوی دیکە نازانێت چی دەڵێت، ئەوەش بە گوێرەی ڕۆژنامەکە کێشەی بۆ ئەنچیلۆتی دروستکردووە.

## 10 ڕەتل گۆشتی زیادە

ڕۆناڵدۆی دیاردەی تۆپی پێی بەرازیل، ، خۆی ئامادەدەکات بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بگەڕێتەوە نێو یاریگەکانی تۆپی پێ، هەرچەندە چەند ساڵێکە وازی لە یاریکردن هێناوە. ڕۆناڵدۆ کە ئێستا تەمەنی 38 ساڵە لە دەروازەی خولی ئەمریکاوە دەگەڕێتەوە نێو یاریگەکان، بۆ ئەمەش گرێبەستێکی لەگەڵ یانەی فۆرد لۆدردیل ستڕایکەرز واژووکردووە، کە لە ڕیزی یانە پلە دووەکان یاریدەکات. بەڵام ڕۆناڵدۆ بۆ گەڕانەوەی بەربەستێکی گەورەی لەبەردەمە، ئەویش دەبێت 10 ڕەتل لە کێشی دابەزێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت جارێکی دیکە یاری بکات. ڕۆناڵدۆ ئێستا چووەتە نێو قۆناخی دابەزاندنی کێشی، ئەویش بە ئەنجامدانی ڕاهێنانی تایبەت بە لەش و لارێکی، بۆ ئەمەش دەستی بە ڕاهێنانەکانی تواناى جەستەیی کردووە. ڕۆناڵدۆ لە بڕیاری وازهێنانی تۆپی پێ پاشگەز بووەتەوەو بڕیاریداوە دەست بە یاریکردن بکاتەوە. ڕۆناڵدۆ نازناوی مۆندیالی2002 بەدەستهێناوە و بۆ یانەکانی ڕیال مەدرید و بارسێلۆنا و ئەنتەرمیلان یاریکردووە.



## تەمەنی 48 ساڵە نەک 32

پەیجێکی سەر بە تۆڕی ئینتەرنێت کە تایبەتە بە هێرشبەری نێودەوڵەتی نایجیری، یاکۆبۆ ئەگیبینی مشتومڕێکی زۆری ناوەتەوە، چونکە تەمەنی ڕاستەقینەی ئەو ئاشکرا دەکات و ئەگەر قسەکانی ڕاستبن هەموو دونیا تووشی شۆک دەبێت. پەیجەکە بە ناوی ئەو یاریزانە بڵاویکردووەتەوە «ڕاگەیاندنەکان باس لەوە دەکەن کە من تەمەنم 32 ساڵە، ئەوەش دوورە لە ڕاستی و تەمەنی من 48ساڵە، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر گۆڵ تۆمارکردن بەردەوامم».

یاکۆبۆ ئەگیبینی، کە ئەزموونی لەگەڵ چەندین یانەی ئینگلیزی هەیە و ساڵی 2012 وازی لە یاری نێودەوڵەتی هێناوە، ئێستاش لە ریزەکانی یانەی ریدینگی ئینگلیزی یاری دەکات و چەندین گۆڵیشی بۆی تۆماردەکات.



چاوەڕوانی ئەنچیلۆتی هەمووانی بێزارکردووە..

# ئۆتۆمبێلەکەی ڕیال مەدرید 4 پستنە

**هەوراز کاوە**

لە ڕاپرسیەکەدا، کە ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی ئەنجامیداوە، دەرکەوت ڕیال مەدریدی تیپەکەی کارلۆ ئەنچیلۆتی ئیتالی، لە ساڵی ڕابردوودا گەورەترین تیپی جیهان بووە، کە 30 %ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە. ئەو ڕاپرسییە بۆ ئەو یانانە بووە کە خاوەنی زۆرترین یاریزان و ئەستێرەی گەورەن لە دوای ساڵی 2000.

لە وتارێکدا، تیم کولینز، بە کورتی و تەواوی ڕوونیکردووەتەوە، کە شێوازی یانەی مەلەکی شێوازێکی سەرسوڕهێنەرەو ناوی ناوە (لۆس بلانکۆس). بۆچی ئێمە بە گشتی تۆپی پێ و وەرزشمان خۆشدەوێت، ئێمە ئارەزووی بینینی تۆمارە شکاوەکان دەکەین؟، تا شایەتی کەوتنی پێوانەکانی ڕابردووبین، کە بۆچوونەکانمان بەرەنگاریکردنبێت و مێشکمان بازیدابێت لە گریمانە دوورەکاندا؟.

دوای هەموو شتێک یاری تۆپی پێ وەرزشێکە ناتوانرێت پێشبینی بکرێت لەو شتانەی لەوانەیە لە چەند چرکەیەکدا بگۆڕدرێن، زۆر شت هەن لەوانەیە ڕووبدەن، وەک پێکانی یاریزان و دواتریش هەموو دەبێت بەوە قایڵ بن. بیرکردنەوە لە یانەی ڕیال مەدرید وەک بزوێنەری ئۆتۆمبێلی کێبڕکێ وایە، کە بە باشی ئامادەکرابێت، ئێستا بزوێنەری ئۆتۆمبێلی 4 پستنە، کە بەرزدەبێتەوەو دادەبەزێت بۆ بەدیهێنانی هێزی ئۆتۆمبێلەکە، (ڕۆناڵدۆ و بنزیمە و بەیل و ڕۆدریگز)، ئەوانە 4 پستنەکەن، جا دیلکۆ هەیە، کە پرشی ئاگر دەدات، تا سووتەمەنییەکە بسووتێنێت کەوا دیارە نموونەبێت بۆ ئیسکۆ، ئینجا دڵی بزوێنەرەکە دێت، کە پێیدەگوترێت کرنگ، کە بەرپرسە لە گۆڕینی پستنەکە لە جووڵەیەکی بازنەییدا، ئەگەر کرنگەکە ئیش نەکات بزوێنەرەکە هەمووی هەرەس دەهێنێت. لەوێ (کرووس یان مۆدریچ) هەیە کاتێک بە شێوەیەکی گونجاو ڕێکیدەخات، لەوانەیە ئەو بزوێنەرە بەسوودبێت بۆمان لەگەڵ هێزی خێراییەکەی، بەڵام چی ڕوودەدات ئەگەر بەشێکی بە تەواوی وەرنەگرێت؟. ئەمە ئەو پرسیارە ملیۆن دۆلارەیە ئایا ڕیال مەدرید هەمان ئەو دەزگایەیە کە بە باشی ئامادەدەکرێت بەبێ لۆکا مۆدریچ؟.

بە کورتی نەخێر، جا دووبارەکردنەوەی شێوازی یاریکردن نزیکدەبێتەوە لە ئەستەمەوە بەبێ ڕێژەی کاری مۆدریچ، لەگەڵ ئەوەی لە ڕابردوودا بینیمان کە ئەنچیلۆتی یەکێکە لە باشترین ئەوانەی کە ڕاهاتووە لەگەڵ ئەوەی هەیانە، لە ساڵی پێشوو ئەوەمان بینی لەگەڵ ڕۆیشتنی مەسعود ئۆزێلدا و ئەمساڵیش لەگەڵ ڕۆیشتنی دیماریا و چابی ئەلۆنسۆ. لەبەرئەوە با سەرنجێک بدەین لە هەندێک لەو هەڵبژاردنەی لە ژێر دەسەڵاتی ئەنچیلۆتیدایە بۆ پارێزگاریکردن لەسەر ئەو ئامانجانەی سەرنجڕاکێشن لە ڕووی شێوەوە. ئێستا دوای پێکانی مۆدریچ ئاماژەکان هەموو پێماندەڵێن مۆدریچ بووە بە کیسی هەڵگرتنی هەموو ئەندامانی ئەو مەکینەیەی باسمانکرد، کەچی ئەنچیلۆتی سەرەڕای متمانەبوون بە بنزیمە و قەتیسبوون بە دەستی چیچاریتۆ و پێکانی درێژی ئایارامەندی لە پێشوودا، دەیەوێت یاریزانی لاوی بەرازیلی لۆکاس سیلڤا بۆرخیس، کە یاریزانی ناوەندەو باڵایەکی بەرزی هەیەو بە ڕێژەی 87 % توانای هێرشبردنی هەیە، هاوشێوەی سێرجۆ بۆسکێسی یاریزانی بارسێلۆنا بیخاتە سەنتەری یاری تیپەکەی و ئەوەندەش چاوەڕوانی لۆکا نەکات.

لۆکاس سیلڤا، کە ڕێکخەر و نایابە لە دابەشکردنی هێرشدا لەگەڵ سامی خدێرەش خاوەنی هەماهەنگی تەواوە بۆ ڕیکخستنەوەی هێڵی بەرگری تیپەکەو لەوانەیە ئەوەی ئەنچیلۆتی لە ماوەیەکی دیاریکراو لە هێڵی پێشەوە دەستیخست، ئەمجارە بەدوای گۆڕانکاری بنچینەی پاڵپشت و دروستکەری ڕووبەرەکاندا بگەڕێت.





باوی جارانی نەماوە..

# شایک بەر نەفرەتی ڕۆناڵدۆ دەکەوێت

**ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT**

ڕاستە ئێرینا شایکی کچە نمایشکاری ڕووسی بە جیابوونەوەی لە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی لە ڕووی دەروونییەوە زۆر زیانی بە دۆن گەیاندووە، بەڵام خۆیشی تووشی زیانێکی گەورە کردووەو تادێت ناوبانگ و ژمارەی هەوادارانی خۆی لەدەستدەدات.

ماوەی 5 ساڵە کچە شۆخ و شەنگی ڕووسی ئێرینا شایک لە جیهانی جلوبەرگ ڕووداو دروستدەکات، بەڵام ئەوە بەهۆی کەشخەیی و جوانییەکەی نەبوو، بەڵکو تەنیا لەبەرئەوەبوو پەیوەندی لەگەڵ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی ڕیال مەدرید و باشترین یاریزانی جیهانەوە هەبوو، ئەو پەیوەندییە وای لە شایک کردبوو لەسەر ئاستی جیهان ناسراو بێت، هەتا لەلایەن ئەو کەسانەی بایەخ بە کاروباری جلوبەرگ و سینەماش نادەن.

بە گوێرەی قسەی هەندێک شارەزا ناوی ئێرینا شایک لەسەر ئینتەرنێتیش وەکجاران ڕەواجی نەماوە، هەرچەندە شایک بە ئامانجی خۆی گەیشتووەو لە هاوپیشەکانی زیاتر ناوبانگی دەرکردووە، ئەو پەیوەندیەی لەگەڵ ڕۆناڵدۆ هەیبوو لەو بارەوە سوودی زۆری پێگەیاند. لیچرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە ئایا شایک دوور لە ڕۆناڵدۆ چیدەکات و ڕەوشیشی چۆن دەبێت؟

بە گەڕانەوە بۆ پەیجی فەرمی شایک لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام دەبینین، شایک بەر هەڵمەتێکی توندی خۆشەویستانی ڕۆناڵدۆ بە کچ و کوڕەوە کەوتووە، کە بەبێ بەرنامە هێرشی دەکەنە سەر. شایک بەمدواییە وێنەی سەگێکی بڵاوکردووەتەوە کە ناوی کریمی لێناوە، کەچی زۆربەی کۆمێنتەکان لە دەرەوەی ئەو بابەتە بوون و تیشکیان خستبووە سەر پەیوەندی پێشووی لەگەڵ ڕۆناڵدۆ، لەگەڵ هێرشی توند لەلایەنی شەیدایانی دۆنەوە، ئەوانەی لە جنێودان و وەسفکردنی بە ناپاکیش سڵیان نەکردووەتەوە.

زۆربەی پروپاگەندەکانی ئەم دواییە شایکیان بە چەندین پیاو گرێداوە، بێئەوەی تاوەکو ئێستا دووپات لەسەر هیچ پەیوەندییەکی فەرمی نێوان شایک و هیچ کەسێکی دیکە بکرێتەوە.





بالانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟
لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کورەك، دەتوانی سوود لە بالانسی زیادکراو وەرگریت.

- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بڕی بالانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتی بالانسەکەت بۆ جاریکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی بالانسی زیادکراو لە بالانسەکەت کەم دەکریتەوە.
- بالانسی زیادکراو بۆماوەی 3 ڕۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبیت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پریپەید لەنێو تۆری کورەك
  - دەبێ بالانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
  - دەبێ پێشتر هێڵەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
  - نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.

بوێربە خەون ببینە

411 korektel.com

# خشتەی یاریەکانی هەفتە

## گرنگترین یاریەکانی هەفتە

**چامپیۆنسلیگ** — سێشەممە 2015/2/24 — 10:45
مانچستەر سیتی — بارسیلۆنا

**جامی ئاسیا** — چوارشەممە 2015/2/25 — 12:00
ئیستقلال دۆشانبێ — هەولێر

**یۆرۆپالیگ** — پێنجشەممە 2015/2/26 — 09:00
بێشکتاش — لیڤەرپوول

**خولی ئەڵمانیا** — شەممە 2015/2/28 — 05:30
بورۆسیا دۆرتمۆند — شالکە

**خولی ئینگلتەرا** — یەکشەممە 2015/3/1 — 03:45
لیڤەرپوول — مانچستەر سیتی

**خولی ئیسپانیا** — یەکشەممە 2015/3/1 — 11:00
ریال مەدرید — ڤیاریال

**خولی فەرەنسا** — یەکشەممە 2015/3/1 — 11:00
مۆناکۆ — پاریس سانجێرمان

**خولی ئیتاڵیا** — دووشەممە 2015/3/2 — 10:45
یوڤانتۆس — رۆما

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 25)

هەینی 2015/2/27
| | |
|---|---|
| ئیسپانیۆل ـ کورتۆبە | 10:45 |

شەممە 2015/2/28
| | |
|---|---|
| گرانادا ـ بارسیلۆنا | 06:00 |
| رایۆ ڤالیکانۆ ـ لیڤانتی | 08:00 |
| ئەلمێریا ـ دیپۆرتیڤۆ | 10:00 |
| مەلەگە ـ خیتافی | 12:00 |

یەکشەممە 2015/3/1
| | |
|---|---|
| ڤالێنسیا ـ ریال سۆسیداد | 02:00 |
| ئیبار ـ ئەتلەتیک بلباو | 07:00 |
| سڤیلیا ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 09:00 |
| ریال مەدرید ـ ڤیارِیال | 11:00 |

دووشەممە 2015/3/2
| | |
|---|---|
| سێلتاڤیکۆ ـ ئیلچێ | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ ریال مەدرید | 60 |
| 2 ـ بارسیلۆنا | 56 |
| 3 ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 53 |
| 4 ـ ڤالێنسیا | 50 |
| 5 ـ سڤیلیا | 45 |
| 6 ـ ڤیارِیال | 44 |
| 7 ـ مەلەگە | 38 |
| 8 ـ سێلتاڤیکۆ | 31 |
| 9 ـ ئیسپانیۆل | 29 |
| 10 ـ ریال سۆسیداد | 27 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ کریستیانۆ | ریال مەدرید | 29 |
| 2 ـ مێسی | بارسیلۆنا | 26 |
| 3 ـ نیمار | بارسیلۆنا | 17 |
| 4 ـ گریزمان | ئەتلەتیکۆ مەدرید | 14 |
| 5 ـ باکا یانە | سڤیلیا | 14 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 27)

شەممە 2015/2/28
| | |
|---|---|
| وێستهام ـ کریستال پالاس | 06:00 |
| بێرنلی ـ سوانزی سیتی | 06:00 |
| مانچستەر یونایتد ـ سەندرلاند | 06:00 |
| نیۆکاسل ـ ئەستۆن ڤێلا | 06:00 |
| کۆینز پارک رێنجەرز ـ تۆتنهام | دواخراو |
| ستۆک سیتی ـ هاڵ سیتی | 06:00 |
| وێست برۆمیچ ـ ساوسهامبتۆن | 06:00 |
| لیستەر سیتی ـ چێڵسی | 08:30 |

یەکشەممە 2015/3/1
| | |
|---|---|
| لیڤەرپوول ـ مانچستەر سیتی | 03:45 |
| ئارسناڵ ـ ئێڤەرتۆن | 05:05 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ چێڵسی | 60 |
| 2 ـ مانچستەر سیتی | 55 |
| 3 ـ ئارسناڵ | 48 |
| 4 ـ مانچستەر یونایتد | 47 |
| 5 ـ ساوسامبتۆن | 46 |
| 6 ـ لیڤەرپوول | 45 |
| 7 ـ تۆتنهام | 44 |
| 8 ـ وێستهام | 39 |
| 9 ـ سوانزی سیتی | 37 |
| 10 ـ ستۆک سیتی | 36 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ کۆستا | چێڵسی | 17 |
| 2 ـ ئەگوێرۆ | مانچستەرسیتی | 17 |
| 3 ـ ئۆستن | کۆینز پارک | 14 |
| 4 ـ کین | رێنجەرز تۆتنهام | 14 |
| 5 ـ سانچێز | ئارسناڵ گۆڵ | 12 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 25)

شەممە 2015/2/28
| | |
|---|---|
| ئاتالانتا ـ سامپادۆریا | 08:00 |
| کییێڤۆ ـ میلان | 10:45 |

یەکشەممە 2015/3/1
| | |
|---|---|
| کالیاری ـ ڤیرۆنا | 02:30 |
| پالێرمۆ ـ ئیمپۆلی | 05:00 |
| ساسۆلۆ ـ لازیۆ | 05:00 |
| جەنەوا ـ پارما | 05:00 |
| چیزینا ـ ئۆدینێزی | 05:00 |
| ئینتەرمیلان ـ فیۆرەنتینا | 08:00 |
| تۆرینۆ ـ ناپۆلی | 10:45 |

دووشەممە 2015/3/2
| | |
|---|---|
| رۆما ـ یوڤانتۆس | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ یوڤانتۆس | 57 |
| 2 ـ رۆما | 48 |
| 3 ـ ناپۆلی | 42 |
| 4 ـ لازیۆ | 40 |
| 5 ـ فیۆرەنتینا | 39 |
| 6 ـ جەنەوا | 35 |
| 7 ـ سامپادۆریا | 35 |
| 8 ـ میلان | 33 |
| 9 ـ تۆرینۆ | 33 |
| 10 ـ پالێرمۆ | 33 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ تیڤێز | یوڤانتۆس | 14 |
| 2 ـ ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 13 |
| 3 ـ هیگواین | ناپۆلی | 12 |
| 4 ـ مینێز | میلان | 12 |
| 5 ـ دیبالایانە | پالێرمۆ | 12 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە هەردوو یاری (ناپۆلی ـ ساسۆلۆ) و (کالیاری ـ ئینتەرمیلان) دانراوە.

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 23)

هەینی 2015/2/27
| | |
|---|---|
| بایرن میونشن ـ کۆڵن | 10:30 |

شەممە 2015/2/28
| | |
|---|---|
| هێرتا بەرلین ـ ئۆگسبۆرگ | 05:30 |
| بایرلیڤەرکۆزن ـ فرایبۆرگ | 05:30 |
| بورۆسیا دۆرتمۆند ـ شالکە | 05:30 |
| هۆفنهایم ـ ماینز | 05:30 |
| هانۆڤەر ـ شتۆتگارت | 05:30 |
| فرانکفۆرت ـ هامبۆرگ | 08:30 |

یەکشەممە 2015/3/1
| | |
|---|---|
| مونشنگلادباخ ـ پادربۆرن | 05:30 |
| ڤێردەربرێمەن ـ فۆلفسبۆرگ | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ بایرن میونشن | 52 |
| 2 ـ فۆلفسبۆرگ | 44 |
| 3 ـ مونشنگلادباخ | 36 |
| 4 ـ شاڵکە | 34 |
| 5 ـ ئۆگسبۆرگ | 34 |
| 6 ـ بایرلیڤەرکۆزن | 32 |
| 7 ـ هۆفنهایم | 29 |
| 8 ـ ڤێردەربرێمەن | 29 |
| 9 ـ فرانکفۆرت | 28 |
| 10 ـ هانۆڤەر | 25 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ رۆبن | بایرن میونشن | 16 |
| 2 ـ ماییێر | فرانکفۆرت | 14 |
| 3 ـ دۆست | فۆلفسبۆرگ | 11 |
| 4 ـ لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 10 |
| 5 ـ مۆتینگ | شاڵکە | 10 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 27)

هەینی 2015/2/27
| | |
|---|---|
| مارسیلیا ـ کان | 10:30 |

شەممە 2015/2/28
| | |
|---|---|
| لیل ـ لیۆن | 06:00 |
| لۆریان ـ باستیا | 10:00 |
| میتز ـ ئیڤیان | 10:00 |
| بۆردۆ ـ ریمس | 10:00 |
| لانس ـ رین | 10:00 |
| تۆلۆز ـ سانت ئیتیان | 10:00 |

یەکشەممە 2015/3/1
| | |
|---|---|
| نانت ـ گانگۆن | 04:00 |
| مۆنبیلیە ـ نیس | 07:00 |
| مۆناکۆ ـ پاریس سانجێرمان | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ لیۆن | 54 |
| 2 ـ مارسیلیا | 52 |
| 3 ـ پاریس سانجێرمان | 50 |
| 4 ـ مۆناکۆ | 43 |
| 5 ـ سانت ئیتیان | 42 |
| 6 ـ بۆردۆ | 41 |
| 7 ـ مۆنبیلیە | 39 |
| 8 ـ گانگۆن | 35 |
| 9 ـ نیس | 34 |
| 10 ـ باستیا | 33 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ لاکازیتی | لیۆن | 22 |
| 2 ـ جینیاک | مارسیلیا | 14 |
| 3 ـ ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 11 |
| 4 ـ بیۆڤی | گانگۆن | 11 |
| 5 ـ دیاباتی | بۆردۆ | 9 |

## یۆرۆپالیگ (گەڕی 32)

پێنجشەممە 2015/2/26
| | |
|---|---|
| زینیت ـ ئایندهۆڤن | 08:00 |
| دینامۆ مۆسکۆ ـ ئەندرلەخت | 08:00 |
| فیۆرەنتینا ـ تۆتنهام | 09:00 |
| بێشکتاش ـ لیڤەرپوول | 09:00 |
| ئینتەرمیلان ـ سێلتیک | 09:00 |
| سالسبۆرگ ـ ڤیارِیال | 09:00 |
| مونشنگلادباخ ـ سڤیلیا | 09:00 |
| لیگیا وارسۆ ـ ئەجاکس | 09:00 |
| دینامۆکێڤ ـ گانگۆن | 09:00 |
| لێشبۆنە ـ فۆلفسبۆرگ | 11:05 |
| ئۆلۆمپیاکۆس ـ دنیبرۆ پیترۆڤسکی | 11:05 |
| ئەتلەتیک بلباو ـ تۆرینۆ | 11:05 |
| کلۆپ برۆج ـ ئۆلبۆرگ | 11:05 |
| ئێڤەرتۆن ـ یۆنگ بۆیز | 11:05 |
| ناپۆلی ـ ترابزۆن سپۆر | 11:05 |
| فاینۆرد ـ رۆما | 11:05 |

## چامپیۆنسلیگ (قۆناخی 16)

سێشەممە 2015/2/24
| | |
|---|---|
| مانچستەر سیتی ـ بارسیلۆنا | 10:45 |
| یوڤانتۆس ـ بورۆسیا دۆرتمۆند | 10:45 |

چوارشەممە 2015/2/25
| | |
|---|---|
| ئارسناڵ ـ مۆناکۆ | 10:45 |
| بایرلیڤەرکۆزن ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 10:45 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ لویس ئەدریانۆ | شاختار | 9 |
| 2 ـ لیۆنێل میسی | بارسیلۆنا | 8 |
| 3 ـ کریستیانۆ رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 6 |
| 4 ـ ئەدینسۆن کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 6 |
| 5 ـ جاکسۆن مارتینێز یانە | پۆرتۆ گۆڵ | 6 |



گەندەڵە

سـەرچاوەیەکی دادوەری بـە ئاژانسـی هەواڵەکانی ڕۆیتـەرزی ڕاگەیاند، چەند داواکارێک داوایانکردووە چەنـد یاریزانێک بە تۆمەتی یاریکردن بە ئەنجامی یارییەکانی تۆپی دەسـت بدرێنە دادگا لە شـاری مۆنبیلیەی فەرەنسـی. داواکاران گومان لەوە دەکەن یاریزانانی یانەی مۆنبیلیە بەئەنقەست بەرامبەر یانەی سیسۆن ڕەین مترۆپۆل خۆیان بە دۆڕان دابێت. ئەوەی زیاتر جێی سەرنجە ئەوەیە ئەو لیستەی گومانیان لێدەکرێت، کە 7 یاریزانن، کاراباتیچی ئەسـتێرەی هەڵبژاردەی فەرەنسـاو لۆکای برای لەگەڵیدان، کە بەمدواییە بۆ جاری پێنجەم نازناوی مۆندیالیان لە قەتەر بەدەستهێنا.



ڕێبوار محەممەد

## یاریگەکان مێپۆش بکەن

توندوتیژییەکان، ئـاژاوە و پەلاماردان و لێکـدان، دواجـار یەکێتیـی تۆپی پێی کوردسـتانی ناچارکـرد یارییەکانی خولی کوردسـتان هەمـووی ڕابگرێـت و خەونی بچووکی لاوە یاریزانەکانی ئەم وڵاتە کەوتە بەردەم هەڕەشەی ڕاگرتنی یەکجاری.

ئەوە هەر کوردسـتان نییـە گیرۆدەی دەسـتی توندوتیژییـە، ئـەوە هـەر لـە کوردسـتان نییە خەڵک لەسـەر ئەنجامی یارییـەک خەڵتانـی خوێندەکرێـن و بەقوربانی مردن دەکرێن.

یاریگەکانـی کوردسـتان یاریگـەی تـەواو نێرانەن، نێرانـە بەو مانایەی تەنیا ڕەگـەزی نێـری تێـدا دەبینرێـت، ئـەوە نێرەکانن هاندەدەن، جنێو دەدەن، دواجار پەلاماریش دەدەن.

ئـەوە نێرەکانـن لـە یاریگەکانـی کوردسـتاندا ئامادەنین جگـە لە بردنەوە شتێکی دیکە قبووڵ بکەن، هەر ئەوانیشن ئاسـاییە بەلایانـەوە بـۆ ئـەوەی حەز و قسـەی خۆیـان بچێتە سـەر دەسـت بۆ هەموو شـتێک ببەن، تەنانەت لە خوێندا خەڵتانکردنـی یاریزان و ڕاهێنەر و هاندەر و ناوبژیوانیـش، ئەوەی لە چەند هەفتەی ڕابـردوودا لـە یاریگەکانـی کوردسـتاندا باڵادەسـتبوو، هـەر دووبارەبوونـەوەی دیمەنـی نێرانەی یاریگەکانی کوردسـتان بوو.

ئێمـە میلەتێکـی توندوتیژین؟ گومانم لـەوە نییە. لـە نـاوەوەی هەریەکێکماندا دنیایەک موعانات و کێشە و دەردەسەری خـۆی مەڵاسـداوە، لە ناخـی هەمووماندا دێوێکـی تـوڕە دانیشـتووە، ئـەو هەموو کات ئامادەیە بۆ پەلاماردان، سووکایەتی و تەنانـەت کوشـتنیش، ئاخـر خەڵکـی ئـەم وڵاتە نزیکی 100 سـاڵە توندوتیژی بووەتـە خۆراکی گیـان و بیرکردنەوەیان، ئـەو ناوچەیەی ئێمە لێی دەژین لێوانلێوە لەبەرهەمهێنانـەوەی توندوتیـژی و چێـژ وەرگرتـن لـەوە و پەروەردەکردنی خەڵک لەسەری.

یاریگەکانی کوردستان پڕ توندوتیژین، چونکـە پڕی نێرن، ئـەو نێرانەی بۆڕەبۆڕ و دەنگـی گڕیان بەسـەر دەنگـی هەموو شـتێکی دیکـەی نـاو یاریگـەدا زاڵـە، یاریگەکانی کوردستان تاک لایەنن و تەنیا کـوڕان و پیاوانی تێدان، کە بەخەمەکانی کۆڵیانـەوە هاتـوون و دەیانەوێ لە کاتی یارییەکانـدا خەمەکانـی خۆیـان گـەر بە شـێوەیەکی کاتیش بێـت لەبیر بچێتەوە، جا کاتێک تیپەکەیان بردنەوە دەسـتەبەر ناکات، ئەوکات ناچارن پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن.

نێرەکان نیشانەی توندوتیژین، لۆگۆی پەلامـاردان و شـەڕ و کوشـت و بـڕن، یاریگەکانی کوردسـتانیش هەمان بۆنیان گرتووە، چونکە ڕەگەزی مێیان تێدا نییە، ئـەو ڕەگـەزەی ئاماژەیە بـۆ دایکایەتی، میهرەبانـی و سـۆز، وەسـتانەوە دژی توندوتیژی و پەلاماردان و هەڵچوون.

دەتانـەوێ یاریگەکانـی کوردسـتان خاوێـن بکەنەوە لە توندوتیژی؟ فەرموون ڕێگـە بـۆ هاتنـە نـاوەوەی مێینـەکان خۆش بکـەن، گەر لە هیچدا کوردسـتان نوێنەرایەتـی بەشـێک لـە دواکەوتوویـی ناوچەکـە نـەکات، لە دیمەنـی هاندەرانی دانیشـتووی ناو یاریگەکانـدا نوێنەرایەتی دەکات. ئەوەتا سەیری بکەن، لە وڵاتە پڕ شـەڕ و ئاژاوە و ئاینییەکانی ئەم ناوچەیە زیاتر لـە کوێدا سـمێڵبابرەکان زاڵی نێو یاریگەکانـن؟ هەمیشـە مێیـەکان لەگەڵ خۆیانـدا ئارامـی و بێدەنگـی دەهێنـن، دە ئەوەیـان تاقیبکەنـەوە و مەڵێن ئاخر ئافرەتـان نایەن، هاتنی ئەوان پێویسـتی بە کار و پلان هەیە بە قسەکردن لە پشت مێزەکانـەوە ئەوە سـەرناگرێت، ڕێگەیان بۆ خۆش بکەن، ئاسـانکارییان بۆ بکەن، هیچ نەبێ منداڵ و هاوسـەرەکانی خۆتان بێننـە ناو یاریگەکان تا هەنگاوی یەکەمی مێ پۆشـکردنی یاریگەکان دەسـتپێبکات و شـتێک نەمێنێـت بەنـاوی توندوتیژی نێرانەی ناو یاریگەوە.

لەسەر تووندو تیژی ڕاهاتووە..

# کۆستا ناتوانێت واز لە لێدان بهێنێت

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

گۆڤارێکـی ئینگلیـزی باس لـەوە دەکات کە دییگۆ کۆستای هێرشبەری یانەی چێڵسی ئینگلیزی بە سزادان واز لـە توونـدو تیژییەکـەی ناهێنێـت و ڕاپۆرتێکی بە ناونیشانی (کۆستا شەقاوەیە) بڵاوکردووەتەوەو دەڵێت «کۆسـتا بـە هەموو شـێوەیەک لە یاریزانـی بەرامبەر دەدات و بە سزادانیش واز لەو خووەی ناهێنێت».

دوای ئەوەی لیژنـەی کاروباری یاریزانان لە یەکێتی تۆپـی پێی ئینگلتەرا بڕیاری ڕاگرتنی دییگۆ کۆسـتای هێرشـبەری یانەی چێڵسی بۆ 3 یاریدا، بەهۆی ئەوەی لـە یاری گەڕانەوەی پێـش کۆتایی جامی کاپیتاڵ وەن لە هەردوو یاریزانی یانەی لیڤەرپوول سکرتێل و ئیمری دا. گۆڤـاری میترۆی بەریتانی، ڕاپۆرتێکی لەسـەر ئەو یاریزانـە بڵاوکردەوە ڕایگەیاند کە سـزادان چارەسـەر نییەو نووسـیویەتی «کۆسـتا جـاری یەکەمـی نییە، ئەو لەسـەر تووندو تیژی ڕاهاتووەو ئەوەندە بـە ئاسـانی واز لـەو خـووەی ناهێنێت».

هەروەها نووسیویەتی «کۆستا ئەو کاتەی لە ڕیزەکانی ئەتلەتیکۆ مەدریدیش یاری دەکرد بەردەوام لە یاریزانای تیپی بەرامبەری دەدا».

ئـەو گۆڤارە باس لەوە دەکات، کە سـەیر لەوەدایە کۆسـتا بە هەموو شێوازەکان تووندو تیژی بەکاردێنێت و دەڵێت «سـەیر لەوەدایە کۆستا بە دەم و بە ددان و بە سەر و بە ئەنیشک و دەستی ڕاست و چەپ و قاچی ڕاست و چەپی لە یاریزانانی تیپی بەرامبەر دەدات».






شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

**خەڵاتەکان خەڵاتەکان**

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی .
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD .
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ .
4 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ .
5 ـ مۆبایل.

**پێشبڕکێ**

بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

نامەیەک بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی: 0750 760 5215 لەگەڵ ناوی خۆت



سەفەر ڕەحمان لە هەولێر بە لێدوانی: ( تووندو تیژی وەرزش نییە ) بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.






سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
EHSANJORNALIST@YAHOO.COM - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد
ڕووداو وەرزشی
ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە
www.rudaw.net
هەموو دووشەممەیەک ڕووداو بخوێنەوە